حکومەتی هەرێمی کوردستان_عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵآ و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی

کۆلێژی یاسا/ بەشی یاسا

# سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسای گشتی پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لەزانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە


**لەلایەن قوتابیان:**

**مهند شوان صابر**

**ئەیاد هیوا تاهیر**

**بەسەرپەرشتی : م. محمد عبدالكريم**


2723 کوردی

2023 زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ

صدق الله العظيم

سورة البقرة: الآية: ﴿٢٤٧﴾

**پێشکەشکردن :**

- پێشکەش بە خانەوادەی ئازیزمان.
- بە قوتابیانی هاوڕێمان.
- پێشکەش بە مامۆستای ئازیز و سەرپەرشتیارمان (م. محمد عبدالکريم)کەوا ئەرکی زۆری کێشا لەگەڵمان.
- پێشکەش بە سەرجەم مامۆستا و قوتابیانی بەشەکەمان.

**توێژەران**

سوپاس و پێزانین:

- سوپاس و ستایش بۆ خودای میهرەبان.

- سوپاس بۆ دایك و باوكی ئازیزمان هەمیشە پشت و پەنامان بوون.
- سوپاسی بێ پایەن بۆ مامۆستای قەدرگران و سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیەمان (م. محمد عبدالكریم) لە بەرامبەر ئەو ماندووبوونەی بۆ ئەو توێژینەوەیە كردی.
- سوپاس بۆ هەر كەسێك بە ووشەیەكیش هاوكارمان بوو بۆ تەواوكردنی ئەم توێژینەوەیە.

توێژەران

**پێرست**


| ز | بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئایەتی قورئانی | أ |
| 2 | سوپاس و پێزانین | ب |
| 3 | پوختە | ج |
| 4 | پێرست | د – ه |

| | | |
|---|---|---|
| 3 – 1 | پێشەکی | 5 |
| 4 | بەشی یەکەم/ پێناسەی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان | 6 |
| 5 – 4 | باسی یەکەم/ مانای سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان | 7 |
| 6 | باسی دووەم/گونجاندنی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان | 8 |
| 7 – 6 | لقی یەکەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پێشیلکردنی بنەمای مەشروعیەتە | 9 |
| 7 | لقی دووەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە لادانە لە دەسەڵاتی تەقدیری | 10 |
| 8 – 7 | لقی سێیەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پوچەڵە بەهۆی نا شەرعی بوونی مەبەستەکەی | 11 |
| 10 – 8 | باسی سێیەم/ ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بە سەیرکردنی چاودێری دادگایی سزا دەمامکدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان | 12 |
| 11 | بەشی دووەم/ شێوەکانی سزا ڕێککارییەکان و پێوەری دەرخستنیان | 13 |
| 11 | باسی یەکەم/ ئەو سزا دەمامکدارانەی کەوا کاریگەریان هەیە بۆسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر | 14 |
| 12 – 11 | لقی یەکەم/ کشاندنەوەی دەستی فەرمانبەر | 15 |
| 13 – 12 | لقی دووەم/ گواستنەوەی شوێنی یان جۆری | 16 |
| 13 | باسی دووەم/ سزا دەمامکدارەکان لە ڕێگای ڕێوشوێنە وەزیفییەکان | 17 |
| 14– 13 | لقی یەکەم/ ناچارکردنی فەرمانبەر بە دەست لەکارکێشانەوە | 18 |
| 15 – 14 | لقی دووەم/ هێشتنەوەی فەرمانبەر لە مۆڵەتی کراوە | 19 |
| 16 – 15 | لقی سێیەم/ کۆتایی هێنان بە خزمەت بەبێ پاساوی یاسایی | 20 |
| 16 | باسی سێیەم/ چۆنیەتی دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار | 21 |
| 17 – 16 | لقی یەکەم/ گەڕان بەدوای نیازی کارگێڕی | 22 |
| 18 – 17 | لقی دووەم / قەبارەی ڕێوشوێنەکە | 23 |
| 18 | لقی سێیەم/ بەریەککەوتنی ڕێوشوێنی کارگێڕی لەگەڵ سەپاندنی سزا بەرزەفتکاریەکان | 24 |
| 19 | دەرئەنجامەکان | 25 |
| 20 | ڕاسپاردەکان | 26 |
| 22 – 21 | سەرچاوەکان | 27 |

# پێشەکی

سزا ڕێککارییەکان ئەو بەرپرسیاریەتییە یاساییەیە کەوا دروست دەبێت لە ئەنجامی ئەوەی فەرمانبەر پابەند نەبێت بە ئەرکەکانی فەرمانبەریێتی، وە سزا ڕێککاریەکانی فەرمانبەرانی گشتی گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە زۆربەی یاساکانی تایبەت بە فەرمانبەریێتی بەهۆی گرنگی لە فەرمانبەریێتی گشتی، وە سزا ڕێککارییەکان خاسیەت و تایبەتمەندی و ڕێوشوێنی دیاریکراوی هەیە، ناکرێت لێی لابدرێت، وە بە دڵنیایی تەواو دادەنرێت بۆ مافەکانی فەرمانبەر لە توندوتیژی کارگێڕی لە بەکارهێنانی سزاکان لە دژی، وە سزا ڕێککارییەکان بنەمای شەرعیەت حوکمی دەکات کەوا تێیدا هاتووە هیچ سزایەك نەسەپێندرێت کەوا لە یاسادا دەقی لەبارەوە نەهاتبێت (هیچ سزایەك بەبێ دەق نییە)، یاخود بە مانایەکی تر ئەو بنەمایە ئەوە دەگەیەنێت کە یاسادانەر سزا ڕێککارییەکان دیاری دەکات کەوا لەسەر ئەوفەرمانبەرە دەسەپێندرێن کە هەڵەی کردووە، وە دەسەڵاتی تەقدیری لە هەڵبژاردنی سزایەکی گونجاو دەدات بە دەسەڵاتی تایبەتمەند لەنێو ئەو سزایانەی کەوا لە یاسادا هاتووە، سەرەڕای گرەنتی تر جا چ لە پێشەکی بێت وەکو لێکۆڵینەوە و مافی بەرگریکردن، یاخود لەو کاتەدا بێت وەکو هۆکارهێنانەوە و گونجاوی لەنێوان سزاکە و کارە هەڵەکە، یاخود پاشەکی بێت وەکو ستەمبینی کارگێڕی و تانەدانی دادگایی، کە ئەمەش لە گرنگترین گرەنتیەکانی فەرمانبەریێتیە.

هەندێك جار کارگێڕی لادەدات لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی بە سزادانی فەرمانبەر بەبێ ئەوەی پاڵپشتییەکی لە یاسادا هەبێت لەکاتی بڕیاردان ڕێوشوێنی کارگێڕی لە دژی فەرمانبەر بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەتێکی دیاریکراو، ئەم شێوازە لە سزایە کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووی فەرمانبەریێتی ئەو فەرمانبەرە وە دەبێت بە سزایەکی دەمامکدار لە دەرەوەی ئەو سزایانەی لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەری دەوڵەت دەقیان لەبارەوە هاتووە.

## گرفتی توێژینەوە:

پێویستە کارگێڕی ڕێز لە شەرعیەتبوونی سزا بگرێت لەکاتی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرەکانی بۆ ئەوەی سیستەمی ڕێککاری نەبێتە شمشێرێك بۆ گەردنی فەرمانبەران بەبێ بوونی بیانویەکی یاسایی، هەندێك جار کارگێڕی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی لە سەپاندنی سزا بەسەر فەرمانبەرەکانی لادەدات بەبێ ئەوەی پاڵپشتیەکی یاسایی هەبێت ئەمەش لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارگێڕی دیاریکراو کەوا کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر، ئەو سزایانەش دەسەپێنێ بەبێ ڕاگەیاندنی، کەوا بە سزای دەمامکدار دەناسرێن.

## گرنگی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر مەشروعیەت و ڕێزگرتنی سزا ڕێککارییەکان لە فەرمانبەرێتی گشتی لەکاتی سەپاندنی لەلایەن کارگێڕیەوە لەکاتی سەپاندنی ئەو سزایانەی کەوا لە یاسادا هاتوون، هەندێ جاریش کارگێڕی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی لە سەپاندنی سزا لەسەر فەرمانبەرەکانی لادەدات بەبێ ئەوەی پاڵپشتیەکی هەبێت لە یاسادا لەکاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارگێڕی لە دژی فەرمانبەر بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەتێکی دیاریکراو. ئەو شێوازە سزایانە لەسەر فەرمانبەر کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووی فەرمانبەرێتی و سزایەکی دەمامکدار دروست دەکات لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو سزایانەی دەقی لەبارەوە هاتووە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، هەروەها ملکەچ دەبێت بۆ چاودێری دادگای کارگێڕی لەبەردەم دادگای فەرمانبەرانی عێراقی.

### بەرنامەی توێژینەوە:

لە توێژینەوەکەمان پشتمان بەستووە بە بەرنامەی وەسفی بۆ پێناسە و مانای سزا دەمامکدارەکان وە بەرنامەی شیکاری بۆ دەقە یاساییەکان و بڕیارە قەزاییەکان، وە بەرنامەی بەراوردکاری بە باسکردنی سزا دەمامکدارەکان لە سیستەمە بەراوردکاریەکان.

### پلانی توێژینەوە:

– بەشی یەکەم/ پێناسەی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

– باسی یەکەم/ مانای سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

– باسی دووەم/گونجاندنی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

– لقی یەکەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پێشیلکردنی بنەمای مەشروعیەتە

– لقی دووەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە لادانە لە دەسەڵاتی تەقدیری

– لقی سێیەم/ گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پوچەڵە بەهۆی نا شەرعی بوونی مەبەستەکەی

– باسی سێیەم/ ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بە سەیرکردنی چاودێری دادگایی سزا دەمامکدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

– بەشی دووەم/ شێوەکانی سزا ڕێککارییەکان و پێوەری دەرخستنیان

- باسی یەکەم/ ئەو سزا دەمامکدارانەی کەوا کاریگەریان هەیە بۆسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر

- لقی یەکەم/ کشاندنەوەی دەستی فەرمانبەر

- لقی دووەم/ گواستنەوەی شوێنی یان جۆری

- باسی دووەم/ سزا دەمامکدارەکان لە ڕێگای ڕێوشوێنە وەزیفییەکان

- لقی یەکەم/ ناچارکردنی فەرمانبەر بە دەست لەکارکێشانەوە

- لقی دووەم/ هێشتنەوەی فەرمانبەر لە مۆڵەتی کراوە

- لقی سێیەم/ کۆتایی هێنان بە خزمەت بەبێ پاساوی یاسایی

- باسی سێیەم/ چۆنیەتی دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار

- لقی یەکەم/ گەڕان بەدوای نیازی کارگێڕی

- لقی دووەم / قەبارەی ڕێوشوێنەکە

- لقی سێیەم/ بەریەککەوتنی ڕێوشوێنی کارگێڕی لەگەڵ سەپاندنی سزا بەرزەفتکاریەکان

## بەشی یەکەم

## پێناسەی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

بۆ ئەوەی بە وردی بچینە ناو باسکردن لە سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان و گونجاندنی، وە ئەو لایەنە دیاری بکەین کەوا تایبەتمەندە بە سەیرکردنی چاودێری دادگایی لەسەر سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێمان باشە ئەو بەشە دابەش بکەین بۆ سێ باسی جیاواز، بە جۆرێك لە باسی یەکەم تیشك بخەینە سەر مانا و پێناسەی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان و لە باسی دووەم باسی گونجاندنی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان دەکەین، وە باسی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ ئەو لایەنەی کەوا تایبەتمەندە بە سەیرکردنی چاودێری دادگایی لەسەر سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەو شێوەیەی دادێ:

## باسی یەکەم

## مانای سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

هەندێ لە ناکۆکی دروست دەبێت لە نێوان کارگێڕی و فەرمانبەر وە کارگێڕی سزای ڕێککاری دەگرێتەبەر دەرهەق بە فەرمانبەر لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەڵەیەك. بەڵام بەشێك لەو ناکۆکیانە پەیوەندیان هەیە بە چەند سزایەك کەوا لە یاسادا بوونیان نیە یاخود دەق و دەسەڵاتێك بەکاربهێندرێت کەوا پێچەوانەی ئەوە بێت کەوا ئەو دەق و دەسەڵاتە لەپێناوی دامەزراون. ئەو پرۆسەیە لەلایەن فقهـ و قەزای تایبەتمەند ناودەبرێت بە سزای دەمامکدار[1].

لە قەزای عێراقی هیچ پێناسەیەك بۆ سزای ڕێککاری دەمامکدار ئاماژەی پێنەکراوە، تەنها ئاماژە هەنە بۆ هەندێ جێ بەجێکردنی دادگایی، لەو ڕووەوە لە بڕیارێکی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت هاتووە :گواستنەوەی داواکار بۆ کۆمپانیای مصافی الـشمال دەچێتە نێو چوارچێوەی خراپ بەکارهێنانی ماف لەپێناو بەرژەوەندی کار... دوای وردبینیکردن و گفتوگۆ لە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بینرا کەوا تانەلێدانی تەمیزی پێشکەش کراوە لە چوارچێوەی ماوەی یاسایی، بۆیە بڕیاردرا قەبوڵ بکرێت. وە لە سەیرکردنی بڕیارە تەمیزکراوەکە بینرا ڕاستە و یاساییە وە ئەو بڕیارە کارگێڕیەی گواستنەوەی داواکار بۆ کۆمپانیای

1 – د. سعد محمد سعيد العنكي، العقوبات المقنعة ورقابة قضاء الموظفين، مجلة القادسية، المجلد21، العدد1، 2021، لا 22.

مصافی الـشمال دەچێتە نێو چوارچێوەی خراپ بەکارهێنانی ماف بۆ بەرژەوەندی کار، بۆ بڕیاری ئەنجومەنی ڕێککاری گشتی فەرمانە کارگێڕیەکەی هەڵوەشاندەوە کەوا تانەی لێدراوە)[1].

چەمکی سزا ڕێککاریە دەمامکدارەکان لە چەمکە باوەکانی یاسایە، سەرەڕای ئەوەی لە چەمکە ناڕوونەکانە، ڕەنگە هۆکاری ئەو ناڕوونیەی ئەوەی بێت ڕێوشوێنەکانی تێدا تێکەڵ دەکرێت، وە مەبەستەکانی جیاوازن، وە زیاتر لە دیوێکی مەشروعیەتی هەیە، وەك خەوشی لادان لە دەسەڵات و سەرپێچیکردنی یاسا، وە نەبوونی هۆکار و خەوشی شکل و ڕێوشوێنەکان. هەروەها وایلێهاتووە سزا ڕێککاریە دەمامکدارەکان بووە بەشێوازێکی بەربڵاو بە بواری بەرزەفتکردن لە وڵاتە جیاوازەکان تا ئەو ڕادەیەی کەوا ئەو شێوازە شاراوەیە لە سزایە بووە بە دیاردەیەك کەوا جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردن و توێژینەوەیە وە دۆزینەوەی ئامرازی چارەسەری سەرکەوتوو بۆ نەهێشتنی[2].

سزا ڕێککاریە دەمامکدارەکان: بریتیە لە ڕێوشێنێکی بە ئازار کەوا کارگێڕی دەیگرێتە بەر لە دژی فەرمانبەر بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەتێکی دیاریکراو. فقهی فەرەنسی لە دیاریکردنی مانای سزا دەمامکدارەکان جیاوازن، هەندێك وایدەبینن کەوا لادانێکی بە ئەنقەستی ئەو دەسەڵاتەیە کەوا بە خاوەن بڕیارەکە دراوە، لەکاتێکدا لایەنەکەی تر وای بۆ دەچن کەوا سزا دەمامکدارەکان بریتیە لە لادان لە ڕێوشوێنە بەرزەفتکاریەکان کەوا پێویستە لەسەر خاوەن بڕیاری بەرزەفتکاری بیگرێتە بەر، لەو چوارچێوەیەوە فەقیهی فەرەنسی فرانسوا دولوبار دەڵێ: سزای دەمامکدار بریتیە لە لادانێکی بە مەبەست لە دەسەڵات لەکاتی بەکارهێنانی بە مەبەستی واژووکردنی سزایەك لە ڕووکەشدا چاکسازی و بەرژەوەندی گشتیە، بەڵام لە ناوەوە مەبەستی کارگێڕیە کە بریتیە لە تۆڵەکردنەوەی کەسی لەو فەرمانبەرەی هەڵەی کردووە[3].

## باسی دووەم

1 – حوکمی داوای ژمارە25/ ڕێککاری/ تمییز/ 2007 لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بەرواری 2007/1/25. وەرگیراوە لە: ولید أمین طاهر، و د.حسن محمد علي البنان، العقوبات الانضباطية المقنعة، العقوبات الانضباطية المقنعة، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد21، العدد 67، 2018، لا 403.

2 – وليد أمين طاهر، و د.حسن محمد علي البنان، هەمان سەرچاوە، لا 396.

3 – احمد سمايل علي، الجزاءات التأديبية المقنعة للموظف العام، دراسة، مجلة قەلای زانست العلمية، المجلد (5)، العدد (2)، 2020، لا 9.

## گونجاندنی سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان

سزا دەمامکدارەکان لێکدانەوە و گونجاندنی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەربۆیە لەو باسەدا گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان باس دەکەین بە سێ لقی جیاواز، بەو شێوەیەی دادێ:

## لقی یەکەم

## گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پێشیلکردنی بنەمای مەشروعیەتە

زۆربەی یاساکان لە بواری بەرزەفتکردن سزا ڕێککارییەکانیان دیاری کردووە بەشێوەی دیاریکردن بە کارکردن بە بنەمای مەشروعیەت و یاسایی بوونی سزاکان، وە تاوەکو بوار نەدات بە دەسەڵاتی ڕێککاری زێدەڕەوی بکات لە سەپاندنی سزاکان کەوا دەقی لەبارەوە نەهاتبێت[1].

مانای پایەی شەرعی بوونی سیستەمی بەرزەفتکردن دەوەستێتە سەر بنەمای " هیچ سزایەك نیە تەنها بە یاسا یاخود بەپشت بەستن بە یاسا" ئەمەش مانای نەتوانینی دەسەڵاتی بەرزەفتکردن دێت بە سەپاندنی سزایەك کەوا لەو سزایانە نەبێت کە بە شێوەی (حصر) دیاری کراون لە ڕێگەی دەقی یاسایی، بەڵام ئەو بنەمایە دەسەڵاتی بەرزەفتکردن کۆت ناکات بە سەپاندنی سزایەکی دیاریکراو لەنێوان ئەو سزایانەی کەوا دەقی لەبارەوە هاتووە سەبارەت بە سەرپێچیەکی بەرەفتکاری دیاریکراو[2].

چوارچێوەی بنەمای مەشروعیەت ناوەستێت تەنها بە دانانی مەرجی ئەوەی ئەو سزایەی سەپێندراوە لە یاسا دەقی لەبارەوە هاتبێت وە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند دەرچووبێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە تا سزا بەرزەفتکاریە دەمامکدارەکانیش دەگرێتەوە، کە بڕیارێکن لە ڕوخساردا مانای سزا ناگەیەنن لەکاتێکدا لە ناوەوە سزایەکی شاراوەن لە پشت پەردەی ڕێکخستنی کار لە ئیدارەکان و بەرژەوەندیەکان و کەرتە گشتیەکان[3].

---

1 – شفيق عبدالمجيد الحديثي، النظام الانضباطي لموضفي الدولة في العراق، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، 1972، لا 154.

2 – مشعل محمد العجمي، الضمانات التأديبية للموظف العام، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2011، لا 105.

3 – وليد أمين طاهر، و د.حسن محمد علي البنان، سەرچاوەی پێشوو، لا 18.

## لقی دووەم

## گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە لادانە لە دەسەڵاتی تەقدیری

ئەو سەرچاوەیەی کەوا دەسەڵاتی تەقدیری پشتی پیٚ دەبەستیٚت بریتیە لە سەرچاوەیەکی یاسایی، وە دەسەڵاتی تەقدیری دەرچوون نیە لە بنەمای شەرعیەت بەڵکو کاریٚکە کارگیٚڕی پیٚی هەڵدەستیٚت بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی یاسا، بەڵام ڕیٚسا یاساییەکان زۆربەی کات بە ڕوونی سنووری دەسەڵاتی تەقدیری دیاری ناکات، هەروەها زەحمەتە بزاندریٚت کەی دەسەڵاتی تەقدیری بەکاردەهیٚندریٚت و کەی بەکارناهیٚندریٚت[1].

دەسەلاٚتی ڕیٚککاری دەسەلاٚتیٚکی تەقدیری هەیە لە هەڵبژاردنی سزای ڕیٚککاری کەوا وای دەبینیٚت گونجاوە بۆ تاوانەکە لەنیٚو ئەو سزایانەی دەقی لەبارەوە هاتووە، بەلاٚم ڕیٚگەی پیٚنادریٚت سزای تازە بهیٚنیٚتە کایەوە لە دەرەوەی چوارچیٚوەی ئەو سزایانەی دیاریکراون بەشیٚوەی دیاریکردن، هەتا ئەگەر ئەو سزایانە گونجاو بن لەگەڵ ئەو سزایەی ئەنجام دراوە، هەروەك چۆن ڕیٚگە بە کارگیٚڕی نادات سزای ڕیٚککاری دەمامکدار بسەپیٚنیٚت بە بیانوی گرنگی بەرژەوەندی گشتی[2].

## لقی سیٚیەم

## گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان بەوەی کە پوچەڵە بەهۆی نا شەرعی بوونی مەبەستەکەی

ئاشکرایە کە بڕیاری کارگیٚڕی لە خودی خۆیدا مەبەست و ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازیٚکە بۆ بەدیهیٚنانی مەبەستیٚکی دیاریکراو ئەویش بریتییە لە بەرژەوەندی گشتی. لەم ڕوانگەیەشەوە فەقیھ (بونار) پیٚناسەی مەبەستی کردووە لە بڕیاری کارگیٚڕیدا بەوەی کە : "ئەو ئامانجە کۆتاییەیە کە دەسەلاٚتی کارگیٚڕی یان فەرمانبەری ئیداری لە پشتی بڕیارە کارگیٚڕییەکەیەوە مەبەستیەتی بەدی بهیٚنیٚ. وە کاتیٚك یاسادانەر تایبەتمەندییەك یان دەسەڵاتیٚك دەدات بە فەرمانبەریٚك یاخود کاتیٚك دەسەلاٚتی پیٚدەدات بە پڕاکتیزەکردنی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو، ئەوا پیٚویستە بەکاری بهیٚنیٚت بۆ بەرژەوەندی گشتی و بە هیچ شیٚوەیەك ڕیٚگەی

---

1 – محمد طه حسين الحسيني، معايير تمييز السلطة التقديرية للإدارة ونطاقها، دراسة، مركز دراسات الكوفة، العدد 27، 2012، لا121.

2 – وليد أمين طاهر، و د.حسن محمد علي البنان، سەرچاوەی پیٚشوو، لا 19.

پێنەدراوە کە ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێت بۆ جگە لەو مەبەستەی لە یاساکەدا دیاریکراوە و پێویستە بەسترابێتەوە بە بەرژەوەندی گشتییەوە[1].

وە کاتێك کەسی ڕێککاری کارگێڕی بڕیاری خۆی دەرکرد بۆ بەدیهێنانی جگە لەو مەبەستە بە پاراستنی جگە لەو ڕەگەزانە، ئەوا بڕیارەکەی عەیبدار دەبێت هەتا ئەگەر ئەو ئامانجەی پاڵی پێوەنابوو گونجاو بوو لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بە مەزندەی خۆی، وە ئەو مەزەندەیە جێی بایەخ نیە لەدوای ئەوەی یاسادانەر ئەو بەرژەوەندیەی یەکلاکردبێتەوە کەوا لەو بڕیارەدا هەیە[2].

لەوەی باسمان بۆمان دەردەکەوێت کەوا سزا ڕێککارییە دەمامکدارەکان دەقی لەبارەوە نەهاتووە لە یاسا بەڵکو کارگێڕی وەك گێچەڵکردنێك بە فەرمانبەر پەنای بۆ دەبات بەبێ ئەوەی مەبەستەکەی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت.

و سەبارەت بەم سێ لایەنەی باسی سزا گونجاندنی سزا دەمامکدارەکان دەکات ئەوا ئێمە لایەنی یەکەم بە باشترین ئاراستە دەزانین لەبەر ئەوەی سزا دەمامکدارەکان بە پێی دەقی یاسایی نەهاتووە و ئەم جۆرە سزایە دەرچوونەی لە بنەمای مەشروعیەت و لەو بنەما کارگێڕیەی کە دەڵێت (سزا نییە بە بێ دەق) (لا عقوبە إلا بنص).

## باسی سێیەم

# ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بە سەیرکردنی چاودێری دادگایی سزا دەمامکدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

ناکۆکیەکانی پەیوەست بە کاروباری ڕێککاری فەرمانبەران لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەنجومەنی ڕێککاری گشتی، ئەمەش لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بۆ یەکەمجار بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (41) ی ساڵی 1929 وە ئەو هەموارکردنانەی بەدوایدا هاتووە، وە تاوەکو ئێستاش ئەو لایەنەیە کەوا سەیری ئەو ناکۆکیانە دەکات کەوا پەیوەستن بە فەرمانبەران و بەرزەفتکردنیان، تایبەتمەندیەکانی

---

1 – د. زانا ڕەئوف حەمەکەریم، د.دانا عەبدولکەریم سەعید، بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2017، لا 81.

2 – أمزيان كريمة، دور القاضي الإداري في الرقابة على القرار المنحرف عن هدفه المخصص، رسالة ماجستير، جامعة الحاج خضر، كلية الحقوق، الجزائر، باتنة، 2010، لا 4.

ئەنجومەن دیاریکراون بەشێوەی دیاریکردن لەدوای دەرچوونی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە 106ی ساڵی 1989، دەکرێ جیاوازی بکەین لەنێوان دوو چین تایبەتمەندی، چینی یەکەم تایبەتمەندیەکانی لەبواری بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتە، ئەویش لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991، کە دەسەڵاتی داوە بە ئەنجومەن سەیری ئەو تانانە بکات کە ئاراستە دەکرێن لەدژی بڕیارە کارگێڕیەکان کەوا سزای ڕێککاری لەخۆ دەگرن لەدژی فەرمانبەران، پێشتر چاودێری ئەنجومەن لەسەر بڕیاری سزای ڕێککاری دیاریکرابوو بۆ هەندێك سزا، بەڵام لەدوای دەرچوونی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (25)ی ساڵی 2008 چاودێریەکە هەموو سزا ڕێککاریەکانی گرتەوە کە لە مادە (8) ی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت هاتووە[1].

بەپێی ئەو جێبەجێکردنانەی لە دادگا هەیە لە هەرێمی کوردستان، دەبینین کەوا دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان سەیری سزا ڕێککارییەکان دەکات بەو سیفەتەی لە بابەتەکانی مافەکانی خزمەتی شارستانیە، لەو بارەیەوە دەستەکە بڕیاری داوە کە : (تێبینی کرا کەوا داوالێکراوی دووەم سەرەڕای کارەکەی توندی نواندوە لە بابەتی فەرمانی گواستنەوەی داواکار ئەمەش بەهۆی ڕێکبوون و پابەندبوونی بە ئەرکە وەزیفیەکانی وە پێداگری لە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی سەرەڕای ئەوەی داواکار سوپاس و پێزانینی هەبووە و دەرماڵەکانی کەم کراوەتەوە کەوا ئەوەش کاریگەری هەیە بۆسەر بارودۆخی بژێوی ژیانی، بۆیە داوالێکراو سەرەڕای کارەکەی دەسەڵاتە یاساییەکەی بەکارهێناوە بەشێوەیەك کە پێچەوانەی یاسایە بۆیە پێویستە لەسەری فەرمانی گواستنەوەکەی هەڵبوەشێنێتەوە وە ئەو ئەکەری بۆی ڕەوانەکراوە ناگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی وەزیفی خۆی). بەهەمان شێوە، لە بڕیارێکی دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم هاتووە کە : (دەرکەوت کەوا داواکار دەسەڵات و ئەرکە وەزیفییەکانی پراکتیزەکردووە لەچوارچێوەی ئەو سنوورەی لە یاسا داندراوە وە بەخشینی داواکار لە پێگەکەی هەرچەند لە دەسەڵاتی وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەکەی بێت وە لەبەر ئەوەی ئەو ڕێوشوێنانەی لەبەرامبەر داواکار گیراونەتەبەر بە مەبەست بووە لەسەر بڕیاری لیژنە بە بەخشینی لە پێگەکەی جۆرێك لە سزای دەمامکدار دروست دەکات کەوا بەگوێرەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهاتووی پێچەوانەی یاسایە بۆیە ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاسایە، هەربۆیە داوای

---

1 – أحمد سمایل علی، سەرچاوەی پێشوو، لا 17.

داواكار بەڵگەی یاسایی هەیە وە جۆرێك لە توندی تێدایە لە پراكتیزەكردنی دەسەڵاتی تەقدیری كارگێڕی بۆیە پێویست بە هەڵوەشاندنەوەی دەكات)[1].

1 – د. مريوان صابر حمد، هۆشەنگ خورشيد محمد، رقابة القضاء الإداري على العقوبات المقنعة، مجلة دراسات قانونية وسياسية، السنة السابعة، العدد (2)، 2019، لا 23.

## بەشی دووەم

## شێوەکانی سزا ڕێککارییەکان و پێوەری دەرخستنیان

بەپێچەوانەی ئەو کارانەی کەوا دەبنە هۆکار بۆ سەپاندنی سزا ڕێککارییەکان، ئەو سزایانەی هەیە بۆ سەر فەرمانبەر دیاری کراون بەپێی یاسا[1]، هەربۆیە ئەو بەشە دابەش دەکەین بۆ سەر سێ باس، لە باسی یەکەم باسی ئەو سزا دەمامکدارانە دەکەین کەوا کاریگەریان هەیە بۆسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر، وە لە باسی دووەم باسی ڕێککارە وەزیفیەکانی تر دەکەین، وە لە باسی سێیەم چۆنیەتی دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار دەخەینەڕوو، بەو شێوەیە:

### باسی یەکەم

### ئەو سزا دەمامکدارانەی کەوا کاریگەریان هەیە بۆسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر

چەند سزایەکی دەمامکدار هەیە کە بەسەر فەرمانبەر دەسەپێندرێت و کاریگەری دروست دەکات لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر، لەو باسە بە دوو لق باسیان دەکەین، لە لقی یەکەم باسی کشاندنەوەی دەستی فەرمانبەر دەکەین (سحب اليد)، وە لە لقی دووەم باسی گواستنەوەی شوێن یان جۆری دەکەین:

#### لقی یەکەم

#### کشاندنەوەی دەستی فەرمانبەر

لە مادە (16) ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی عێراقی هاتووە کە: (ئەگەرهاتوو فەرمانبەر ڕاگیرا لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەند ئەوا لەسەر فەرمانگەکەیەتی دەستی بکشێنێتەوە بەدرێژای ماوەی ڕاگرتنەکەی).وە لە مادە (17)ی هەمان یاسادا هاتووە کە : (یەکەم: بۆ وەزیر و سەرۆکی فەرمانگە هەیە کەوا کشاندنەوەی دەستی فەرمانبەر بکات بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت (60) ڕۆژ ئەگەر هاتوو بینی مانەوەی لە وەزیفە مەترسی هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی یاخود کاریگەری هەیە بۆسەر بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارەی ڕاگیراوە لەسەری وە دەگەڕێندرێتەوە بۆ هەمان وەزیفەی لەدوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەی ئاماژەی پێدرا تەنها ئەگەر ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە هەبوو ئەوا بۆ وەزیفەیەکی تر تەنسیب دەکرێت. دووەم: بۆ لیژنە هەیە کەوا ڕاسپاردە بکات بە کشانەوەی دەستی فەرمانبەر لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی

---

1- د.ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادىء القانون الإداري، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، 1996، لا 123.

لێکۆڵینەوە)[1]. لەو دوو مادەی ئاماژەی پێدرا حوکمی هەردوو جۆری دەستکێشانەوەی فەرمانبەری لەخۆگرتووە کە بریتین لە (وجوبی و جوازی).

کارگێڕی دەسەلاتێکی تەقدیری فراوانی هەیە لە دەرکردنی بڕیاری دەستکێشانەوەی فەرمانبەر و ئەو شوێنەوارانەی لێی دەکەوێتەوە، بۆیە گرەنتی قەزایی دەروازەیەکە بۆ فەرمانبەر لەکاتی زێدەڕەویی کردنی کارگێڕی، ئەویش لەڕێگەی ڕێگەدان بە تانەدان لەو بڕیارە لەبەردەم دادگا کەوا ئەو دەزگایەیە پارێزگاری لە بنەمای مەشروعیەت دەکات و بەرگری لە ماف و ئازادی تاك دەکات[2].

لە دەربڕینی (تەنسیب دەکرێ بۆ وەزیفەیەکی تر) کە لە کۆتایی مادە (17/یەکەم) هاتووە بوار بۆ کارگێڕی دەکاتەوە و دەسەلاتێکی تەقدیری پێ دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ (تەنسیب) بەکاربهێنێت وەك سزایەکی دەمامکدار، هەروەها چەمکی (ئاگادارکردنەوە) کە لە مادەکە هاتووە ڕوون نیە، وە ناکرێت دیاری بکرێت بە حاڵەتێك یان چەند حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەمەش دەرگا بۆ کارگێڕی دەکاتەوە کەوا دەسەلاتە تەقدیریەکەی فراوان بکات لە تەفسیرکردنی (بیانو) وە هەڵبستێت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەر بەشێوەی سزا لە حاڵەتێك کەوا هەرگیز پێویست بە پەنابردنە بەر تەنسیبی فەرمانبەر ناکات. وە ڕاگرتنی یەدەگی لە بنەڕەتدا داندراوە بەو پێیەی ڕێوشوێنێکی یەدەگیە، هەرکات بەرژەوەندی لێکۆڵینەوە پێویستی کرد کەوا لەگەڵ فەرمانبەر ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کارگێڕی دەسەلاتی بەخراپ بەکاردەهێنێ وە فەرمانبەر ڕادەگرێت بە ڕاگرتنی یەدەگی بەبێ ئەوەی پاڵپشتیەك هەبێت پێویست بکات، لەو حاڵەتە ڕاگرتن بە سزای دەمامکدار دادەنرێت[3].

---

1 – یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەموارکراو.

2 – د. حيدر مدلول بدر، التنظيم القانوني لسحب يد الموظف العام، مجلة الجامعة العراقية، المجلد 51، العدد1، 2022، لا341.

3 – هۆشەنگ خورشيد محمد، العقوبات المقنعة ورقابة القضاءالإداري عليها، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2014، لا 80.

## لقی دووەم

## گواستنەوەی شوێنی یان جۆری

وەك زانراوە گواستنەوە شوێنی بێت یاخود جۆری دەسەلاٌتێکە یاسادانەر داویەتی بە کارگێڕی گشتی جێبەجێی بکات بەگوێرەی دەسەلاٌتی تەقدیری خۆی وە بەپێی بەرژەوەندی کار و بارودۆخەکەی. بەلاٌم هەندێك جار کارگێڕی لەو دەسەلاٌت پێدانە لادەدات کەوا پێویست بوو لەسەری ئامانجی پشتی ئەو دەسەلاٌتەی بەدیهێنانی بەرژەوەندی وەزیفە بێت، ئەمیش بەگرتنەبەری بڕیاری گواستنەوە بە نیازی تۆڵەکردنەوە لە فەرمانبەر بۆ دوورخستنەوەی لە پێگەکەی بەمەش بڕیارەکەی لەسەر بنەمایەکی بەرزەفتکردنی شاراوە بونیادناوە. وە کاتێك کارگێڕی ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتەبەر لەدژی فەرمانبەرێکی دیاریکراو بەبێ ئەوەی تۆمەتێکی دیاریکراوی بداتە پاڵی وە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی لە وەزیفەیەك بۆ وەزیفەیەکی تر یاخود لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، بەبێ ڕەچاوکردنی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی وە دوور لەو هۆکارەی کەوا گواستنەوەکە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە بەڵکو بە مەبەستی خراپە بەرامبەر فەرمانبەر، لەوکاتەش بڕیارەکەی نا مەشروع دەبێت لەبەر ئەوەی کارگێڕی لە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی لایداوە و دەسەلاٌتەکەی خراپ بەکارهێناوە و ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی هەڵس و کەوتەکەی لێکەوتۆتەوە[1].

## باسی دووەم

## سزا دەمامکدارەکان لە ڕێگای ڕێوشوێنە وەزیفییەکان

هەندێ جار کارگێڕی چەند شێوەیەك لە ڕێوشوێن بەکاردەهێنێت وەك سزایەکی دەمامکدار، بۆ ئەوەی فەرمانبەر ناچاربکات بە دەست لەکارکێشانەوە یاخود پێدانی مۆڵەتی کراوە بە فەرمانبەر یان کۆتایی هێنان بە خزمەتی فەرمانبەر بەبێ پاڵپشتیەکی یاسایی، لەو باسە بە سێ لق هەر سێك لەو ڕێوشوێنانە دەخەینەڕوو، بەو شێوەیەی دادێ:

1 – صديقي نبيلة، نقل الموظف بين العقوبة التأديبية المقنعة والاجراء التنظيمي الداخلي، مجلة القانون والمجتمع، العدد الخامس، الجزائر، 2015، لا 16.

## لقی یەکەم

## ناچارکردنی فەرمانبەر بە دەست لەکارکێشانەوە

لە مادە (35)ی یاسای خزمەتی شارستانی عێراقیدا بەو شێوەیە حوکمی دەست لەکارکێشانەوەی فەرمانبەری خستۆتەڕوو: (1– بۆ فەرمانبەر هەیە کەوا دەست لەکاربکێشێتەوە لەوەزیفەکەی بە داواکاریەکی نووسراو کەوا پێشکەشی سەرووی تایبەتمەندی خۆی دەکات).

2– لەسەر لایەنی سەروو هەیە کەوا دەست لەکارکێشانەوەکە یەکلابکاتەوە بۆ ماوەیەك کەوا لە سی ڕۆژ تێنەپەڕێت وە فەرمانبەر بە دەست لەکارهەڵگرتوو دادەنرێت بە تەواوبوونی ئەو کاتە تەنها ئەگەر فەرمانی قەبوڵکردنی دەربچێت پێش ئەوکاتە.

3– ئەگەر فەرمانبەر دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش کرد وە کاتێکی تێدا دیاری کرد بۆ قەبوڵکردن دەکرێ قەبوڵ بکرێت لە بەرواری ئەو کاتە یان بەر لەوە[1].

4– بڕیاری قەبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوە دەکرێ ڕاشکاو بێت وە دەکرێ ناوەکی بێت. ڕاشکاو دەبێت کاتێك بە قەبوڵکردن دەردەچێت لەماوەی (30) ڕۆژ لە کاتی پێشکەش کردنی بۆ سەرووی خۆی وە بە ناوەکی دادەنرێت ئەگەرهاتوو سەرووی خۆی وەڵامی داواکەی نەداوە لەماوەی (30) ڕۆژ لە بەرواری پێشکەشکردنی بەم جۆرە دەبێتە بڕیاری ناوەکی بە قەبوڵبوونی بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە. هەندێك جار بەڕێوەبەر و سەرۆکی ڕاستەوخۆی فەرمانبەرەکە فشاری جۆراوجۆر لەسەر فەرمانبەرەکە دروست دەکەن بەو مەبەستەی فەرمانبەرەکە ناچاربێت پەنا ببات بۆ پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوە لە وەزیفە، کە لەم دۆخەدا ڕەنگە فەرمانبەرەکە تەسلیم ببێت ملبدات بەو فشارانە و وەك کاردانەوەیەك نووسراوی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات و ڕاستەوخۆش بەڕێوەبەر یا سەرۆکە ڕاستەوخۆکەی ڕەزامەندی لەسەر بدەن بێ هیچ لێکۆڵینەوە و دیراسەت کردنێك، بێگومان لەم کاتەدا دەتوانین بڵێین قەبوڵکردنی ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە جۆرێکە لە سزادانی دەمامکدار لەلایەن ئەو کەسانەوە و دژ بە فەرمانبەرەکە پیادە دەکرێت بەڵام لەژێر پەردەی مومارەسەکردنی فەرمانبەر بۆ مافی یاسایی خۆی لە دەست لەکارکێشانەوە[2].

---

1 – یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960.

2 – عبدالقادر صالح عبدول، القرارات الإدارية الضمنية واهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة، ط1، مطبعة ياد، السليمانية، 2018، لا 20.

## لقی دووەم

## هێشتنەوەی فەرمانبەر لە مۆڵەتی کراوە

هەموو فەرمانبەرێك پێویستی بەوە هەیە بحەسێتەوە بەهۆی ماندوبوونی لە کارەکەی بۆ تازەکردنەوەی چالاکیەکەی، هەروەها بارودۆخی تەندروستی و کۆمەلأیەتی ناچاری دەکات داوای مۆڵەت بکات، هەروەها بەرژەوەندی گشتی لەزۆربەی دۆخەکان وا دەخوازێت ماوەیەك لە حەسانەوە بدات بە فەرمانبەر بۆ ئەوەی لەدوای ئەو حەسانەوەیە بە چالاکی و لێهاتوویی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی[1].

لەو سۆنگەیەوە، شێوەیەکی تر لە شێوەکانی سزای دەمامکدار هەیە کە ئەویش هێشتنەوەی فەرمانبەرە لە مۆڵەتی کراوە، سەرەڕای ئەوەی کەوا ئەو ڕێوشوێنە لەنێوان ئەو سزایانە نیە کەوا لە یاسا دەقی لەبارەوە هاتووە، کەچی زۆر یەك دەگرێتەوە لە ڕووی شوێنەوارەکەی لەگەڵ ئەو سزایەی لە یاسای میسری هاتووە کە بریتیە لە سزای وەستان لە کارکردن، لە بڕیارێکی دادگای کارگێڕی بالأ لە میسر هاتووە کە : (هێشتنەوەی فەرمانبەر لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی لە مۆڵەتی کراوە دادەنرێت بە سزایەك کەوا دەقی لەبارەوە نەهاتووە، و دەرئەنجامی سزایی دەبێت لە ڕێوشوێنێکی نا سزایی بەو جۆرەش دەبێتە سزایەکی بەرزەفتکردنی دەمامکدار). هەروەها کارگێڕی پەنا دەباتە بەر هێشتنەوەی فەرمانبەر لە مۆڵەتی کراوە بەبێ ئەوەی فەرمانبەر داوای ئەوە بکات وە بەبێ ئەوەی لە ماوەی مۆڵەتەکە هیچ کرێیەك وەربگرێت بەپێچەوانەی ئەوەی لە یاسادا هاتووە، کارگێڕی بەی مەبەستی بەدیهێنانی مەبەستە شاراوەکەی ئەوە دەکات بۆ سەپاندنی سزای دەمامکدار وە بەشێوەیەکی کەمتر ئاشکرا، وە هێشتنەوەی فەرمانبەر هەرگیز لە بنەما و ڕێسای وەزیفەی گشتی نیە[2].

## لقی سێیەم

## کۆتایی هێنان بە خزمەت بەبێ پاساوی یاسایی

ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە پەیوەندی فەرمانبەرێتی جۆراوجۆرن، هەندێك لەو ڕێگایانە بە حوکمی یاسا بەسەر فەرمانبەرەکەدا جێبەجێ دەکرێن و هەریەك لە فەرمانبەرەکە و دەسەلأتی کارگێڕی دەسەلأتیان کۆتوبەندکراوە، جگە لە پەیڕەوکردنی دەقی یاسا، هیچ بوارێکی دیکەیان لەبەردەمدا نیە وەك (هەواڵەکردنی فەرمانبەر بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشینی، وەفاتکردنی فەرمانبەر هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ

---

1 – د.مازن راضي ليلو، القانون الإداري، منشورات الاكاديمية العربية في الدنمارك، 2008، لا 120.

2 – هۆشەنگ خورشید محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا 86.

خانەنشینی لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی پزیشکی). هەندێك ڕێگەی دیکە لە کۆتاییهێنان بە پەیوەندی فەرمانبەرێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادە و ویستی خودی فەرمانبەر وەك: پێشکەشکردنی داواکاری دەست لەکارکێشانەوە یاخود داواکاری فەرمانبەر بۆ هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی[1].

ئەو جۆرە لە ڕێوشوێنە بریتیە لە کۆتایی هێنان بە خزمەتی فەرمانبەر لەلایەن کارگێڕیەوە کەوا دەیەوێ سزای بدات بە سزای دەمامکدار، وە بە شێوازی نا مەشروع. ئەمەش لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی وەزیفەکەی وەك دەستپێکێك بۆ کۆتایی پێهێنانی، یاخود بانگەشەی ئەوە بکات کەوا زیادە بە پێویستی کار. وە لە شێوازەکانی سزای دەمامکدار پەنا بردنە بەر کۆتایی هێنانی خزمەتی فەرمانبەر لەلایەن کارگێڕییەوە بەهۆکاری تەندروستی بەبێ گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی بڕیاری لەسەر دراوە لەو بارەیەوە، وەکو ئەوەی لایەنی کارگێڕی بە ئەنقەست کۆتایی بە خزمەتی فەرمانبەر بهێنێت بەبێ ئەوەی بیخاتە بەردەم دەستەی پزیشکی تایبەتمەند[2].

## باسی سێیەم

## چۆنیەتی دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار

چەند پێوەرێك هەیە بۆ دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار، کەوا قەزای کارگێڕی پەنای بۆ دەبات بۆ دەرخستنی بوونی سزای دەمامکدار، لەو باسەدا بە سێ بق ئەو پێوەرانە دەردەخەین، لە لقی یەکەم باسی گەڕان بەدوای نیازی کارگێڕیدا دەکەین، وە لە لقی دووەم باسی قەبارەی ڕێوشوێنەکە دەکەین، وە لە لقی سێیەم باسی بەریەککەوتنی ڕێوشوێنی کارگێڕی دەکەین لەگەڵ سەپاندنی سزا بەرزەفتکاریەکان، بەو شێوەیەی دادێ:

## لقی یەکەم

## گەڕان بەدوای نیازی کارگێڕی

ئەو بابەتە گرنگەی کەوا سزای دەمامکدار دەیوروژێنێ بریتیە لە دیاریکردنی پێوانەکردن و دۆزینەوەی، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووی جیاوازی نێوان بیرۆکەی سزای دەمامکدار وەك شێوەیەك بۆ تانەدان لە بڕیارەکانی

---

1 – عەبدولقادر صالح عەبدول، ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە پەیوەندی فەرمانبەرێتی، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2019، ل21.

2 – هۆشەنگ خورشید محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل 87.

گواستنەوە و دوورخستنەوە وەك سزایەكی دەمامكدار وە لەنێوان لادان لە بەكارهێنانی دەسەلات وەك خەوشێك لەسەر ئەو بڕیارانە، وە پێوەری سزای دەمامكدار ئەو سنوورە دیاری دەكات لەنێوان ئەوەی دەكرێ و ئەوەی ناكرێ بۆ كارگێڕی كەوا بیگرێتەبەر لە ڕێوشوێنە ناوخۆییەكانی[1].

بەگوێرەی ئەو پێوەرە –پێوەری گەڕان بەدوای نیازی كارگێڕی– قەزا هەوڵ دەدات مەبەستی كارگێڕی دیاری بكات بۆ دەركردنی بڕیارەكەی ئایا مەبەستی سزادانی فەرمانبەرە یاخود تەنها بەكارهێنانی دەسەلاتەكەیەتی بۆ ڕێكخستنی كەرتی گشتی بە ئامانجی باشتركردنی كارەكانی بە ڕێك و پێكی. وە ئەگەر كارگێڕی زۆربەی كات نیازی خۆی دەرنەخست لە دەركردنی بڕیاری گواستنەوەی فەرمانبەر كەچی قەزای فەرەنسی پشت دەبەستێ بە هەندێ پێوەر بۆ دیاریكردنی مەبەستی كارگێڕی ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخ و پێدراوە بەرجەستانەی لە بابەتەكە هەنە وە لە ڕادەی جێبەجێكردنی دەقە یاساییەكان، كەوا ڕێگە بە كارگێڕی دەدات ئەو بڕیارە بدات كەوا بابەتی ناكۆكیەكەیە[2].

## لقی دووەم

## قەبارەی ڕێوشوێنەكە

لەنێو ئەو ڕێوشوێنەی كەوا كارگێڕی دەیگرێتەبەر نیازی سزادانی فەرمانبەر بەدەردەكەوێت بەبێ ئەوەی ئەمە ڕابگەیەنێت. وەكو گواستنەوە یاخود بەخشینی فەرمانبەر لە كارەكەی. یاخود هەڵوەشاندنەوەی وەزیفەكەی[3].

لایەنی كارگێڕی بەپێی دەسەلاتی تەقدیری خۆی كەوا هەیەتی، زۆر ڕێگا و ئامرازی لەبەردەستە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەكانی و لەكاتی خراپەی هەر فەرمانبەرێك بەبێ ڕوونكردنەوە لە بڕیارە كارگێڕیەكانی، وەكو گواستنەوەی یەكێ لە فەرمانبەرەكان بۆ شوێنی دوورەدەست، یاخود دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەردەوامی بەو بیانوەی بارودۆخی كار وادەخوازێت. بۆیە سزای دەمامكدار زیانەكەی تەنها بۆ فەرمانبەرانی كەرتی گشتی نیە، بەڵكو ئەو زیانە درێژ دەبێتەوە تاوەكو كەرتەكانیش دەگرێتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لەو كاتانە دەردەكەوێت كەوا فەرمانبەری زیانبەركەوتوو ڕەگەزی لێهاتوویی و مكوڕی لە كارەكەی تێدایە، وە ڕادەی مكوڕبوونی ئەو فەرمانبەرە كەم دەكاتەوە ئەگەرهاتوو ئەو فەرمانبەر هەستی بە توندی و خراپی

---

1 – د.محمد فاروق محمود، الجزاء التأديبي المقنع، المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، المجلد 30، العدد 60، الرياض، 2014، لا 20.

2 – هۆشەنگ خورشید محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا 115.

3 – د. سعد محمد سعيد العنكبي، سەرچاوەی پێشوو، لا 24.

کارگێڕی کرد بەرامبەری لەبری پاداشتکردنی. بە نموونە ئەگەر هاتوو کارگێڕی فەرمانبەرێکی گواستەوە لە شوێنێك لەناو شار بۆ شوێنێك لە دەرەوەی شار (گواستنەوەی شوێنی) کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەو فەرمانبەرە بەهۆی تێچوون و خەرجی زۆر بەتایبەت ئەگەر ئەو فەرمانبەرە ماوەیەکی درێژ بوو لە شار دەژیا و منداڵی هەبوو لە قوتابخانە, بۆیە پێوەری قەبارەی ڕێوشوێنەکە دێتەی، بەڵام ئەگەر هیچ زیانێکی پێنەگەیشت و گواستنەوەکەی بۆ شوێنێکی نزیك بوو وە کاریگەری نەبوو لەسەر مافەکانی ئەوا ئەم ڕێوشوێنە بە تەندروست دادەنرێت لەبەر ئەوەی زیانی پێنەگەیاندووە بەڵکو بە ڕێوشوێنی کارگێڕی ناوەخۆیی دادەنرێت[1].

## لقی سێیەم

## بەریەککەوتنی ڕێوشوێنی کارگێڕی لەگەڵ سەپاندنی سزا بەرزەفتکاریەکان

هەندێ جار کارگێڕی خۆی لادەدات لەو ڕێگریە یاساییەی کەوا بریتیە لە سزا نەدانی فەرمانبەر بە دوو سزای ڕێککاری لەسەر یەك سەرپێچی، ئەمەش لەڕێگەی دەسەڵاتی تەقدیری و تایبەتمەندیەکەی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کەرتی وەزیفی، بۆیە پەنا دەباتە بەر دەرکردنی ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی کەوا سروشتێکی سزاییان هەیە. واژووکردنی سزایەکی ڕێککاری و یەکێکی تری دەمامکدار بەهۆی سەرپێچیەکی وەزیفی، لە یەك کاتدا، یاخود لە ماوەیەکی لە یەکتر نزیك، گومان دروست دەکات کەوا ڕێوشوێنی دووەم وەك سزایەك هاتووە، وەك ئەوەی کارگێڕی هەڵبستێت بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر لە پاشان گواستنەوەی شوێنی بۆ بکات. لەو بارەیەوە دەبینین کەوا دەستەی گشتی لە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بە سیفەتی تەمییزی لە بڕیارێکیدا هاتووە کە: (ئەو بڕیارە تانەلێدراوەی زیانێك دروست دەکات بۆ داواکار، وە بە سزایەکی دەمامکدار دادەنرێت سەرەڕای ئەوەی کەوا داوالێکراو سزای سەرنجڕاکێشانی ئاراستەکردووە، وە کارگێڕی دەسەڵاتی تەقدیری هەیە لە گواستنەوەی فەرمانبەر هەرکاتێك بینی کەوا بەرژەوەندی کار وادەخوازێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە کۆتکراوە بە زیان نەگەیاندن بە فەرمانبەر، وە دەبێت سزایەکی شاراوە نەبێت، وە مافی هەیە بۆ سزادانی فەرمانبەری سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی یاسا، بەڵام ئەو گواستنەوەی وەك سزایە بنەمای یاسایی نیە)[2].

---

1 – ولید أمین طاهر، د. حسن محمد علي البنان، سەرچاوەی پێشوو، لا 24.

2 – هۆشەنگ خورشید محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا 126.

## دەرئەنجامەکان

1– لە قەزای عێراقی هیچ پێناسەیەك بۆ سزای ڕێککاری دەمامکدار ئاماژەی پێنەکراوە، تەنها ئاماژە هەنە بۆ هەندێ جێ بەجێکردنی دادگایی.

2– دەسەڵاتی ڕێککاری دەسەڵاتێکی تەقدیری هەیە لە هەڵبژاردنی سزای ڕێککاری کەوا وای دەبینێت گونجاوە بۆ تاوانەکە لەنێو ئەو سزایانەی دەقی لەبارەوە هاتووە، بەڵام ڕێگەی پێنادرێت سزای تازە بهێنێتە کایەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو سزایانەی دیاریکراون بەشێوەی دیاریکردن، هەتا ئەگەر ئەو سزایانە گونجاو بن لەگەڵ ئەو سزایەی ئەنجام دراوە، هەروەك چۆن ڕێگە بە کارگێڕی نادات سزای ڕێککاری دەمامکدار بسەپێنێت بە بیانوی گرنگی بەرژەوەندی گشتی.

3– بەپێی ئەو جێبەجێکردنانەی لە دادگا هەیە لە هەرێمی کوردستان، دەبینین کەوا دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان سەیری سزا ڕێککارییەکان دەکات بەو سیفەتەی لە بابەتەکانی مافەکانی خزمەتی شارستانیە.

4– هەندێك جار سەرۆکی فەرمانگە یان بەرپرسێکی فشار دروست دەکەن بەو مەبەستەی فەرمانبەرەکە ناچاربێت پەنا ببات بۆ پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوە لە وەزیفە، کە لەم دۆخەدا ڕەنگە فەرمانبەرەکە تەسلیم ببێت ملبدات بەو فشارانە و وەك کاردانەوەیەك نووسراوی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات و ڕاستەوخۆش بەڕێوەبەر یا سەرۆکە ڕاستەوخۆکەی ڕەزامەندی لەسەر بدەن بێ هیچ لێکۆڵینەوە و دیراسەت کردنێك، بێگومان لەم کاتەدا دەتوانین بڵێین قەبوڵکردنی ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە جۆرێکە لە سزادانی دەمامکدار لەلایەن ئەو کەسانەوە و دژ بە فەرمانبەرەکە پیادە دەکرێت.

5– شێوەیەکی تر لە شێوەکانی سزای دەمامکدار هەیە کە ئەویش هێشتنەوەی فەرمانبەرە لە مۆڵەتی کراوە، سەرەڕای ئەوەی کەوا ئەو ڕێوشوێنە لەنێوان ئەو سزایانە نیە کەوا لە یاسا دەقی لەبارەوە هاتووە.

## ڕاسپاردەکان

1- بەباشی دەزانین کەوا لەناو یاسای ڕێککاری فەرمانبەران دەقێکی یاسایی ڕاشکاو هەبێت کەوا تێیدا ئاماژە بکات بەوەی ناکرێت سزای وەزیفی دەمامکدار بچەسپێت لەسەر فەرمانبەری گشتی بۆ ئەوەی ببێتە کەمبوونەوەی پەنابردنە بەر بەرپرسە کارگێڕیەکان بۆ ئەو جۆرە سزایانە.

2- پابەندکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست لەگەڵ فەرمانبەر لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە پێویستن لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچیەکی وەزیفی وە هەڵاوێردنەکردنی (استثناء)ی هیچ حاڵەتێك بە هەر پاساوێك بێت لەبەر ئەوەی یاسادانەری عێراقی بواری کردۆتەوە لەو بارەیەوە لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە 14ی ساڵی 1991 لە مادە (10 بڕگە 4)، لەبەر ئەوەی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە بە دروستی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سەپاندنی سزای دەمامکدار دەرهەق بە فەرمانبەر لەبەر ئەوەی سەپاندنی سزای دەمامکدار زۆربەی کات بەبێ گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەیە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان:**


1- د.زانا ڕەئوف حەمەکەریم، د.دانا عەبدولکەریم سەعید، بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2017.

2- عبدالقادر صالح عبدول، القرارات الإدارية الضمنية واهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة، ط1، مطبعة ياد، السليمانية، 2018.

3- عەبدولقادر صالح عەبدول، ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە پەیوەندی فەرمانبەرێتی، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2019.

4- د. مازن راضي ليلو، القانون الإداري، منشورات الاكاديمية العربية في الدنمارك، 2008.

5- د. ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادىء القانون الإداري، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، 1996.


**دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**


1- شفيق عبدالمجيد الحديثي، النظام الانضباطي لموضفي الدولة في العراق، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، 1972.

2- مشعل محمد العجمي، الضمانات التأديبية للموظف العام، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2011.

3- هۆشەنگ خورشيد محمد، العقوبات المقنعة ورقابة القضاءالإداري عليها، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2014.


**سێیەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکان:**


1-احمد سمايل علي، الجزاءات التأديبية المقنعة للموظف العام، دراسة، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد (5)، العدد (2)، 2020.

2-أمزيان كريمة، دور القاضي الإداري في الرقابة على القرار المنحرف عن هدفه المخصص، رسالة ماجستير، جامعة الحاج خضر، كلية الحقوق، الجزائر، باتنة، 2010.

3– د. حيدر مدلول بدر، التنظيم القانوني لسحب يد الموظف العام، بحث، مجلة الجامعة العراقية، العدد (57ج1)، 2022.

4– د. سعد محمد سعيد العنكي، العقوبات المقنعة ورقابة قضاء الموظفين، مجلة القادسية، المجلد21، العدد1، 2021.

5– صديقي نبيلة، نقل الموظف بين العقوبة التأديبية المقنعة والاجراء التنظيمي الداخلي، مجلة القانون والمجتمع، العدد الخامس، الجزائر، 2015.

6– د. مريوان صابر حمد، هۆشەنگ خورشيد محمد، رقابة القضاء الإداري على العقوبات المقنعة، دراسة، جامعة صلاح الدين، دراسات قانونية وسياسية، السنة السابعة، العدد (2)، 2019.

7– د.محمد فاروق محمود، الجزاء التأديبي المقنع، بحث، المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، المجلد 30، العدد 60، الرياض، 2014.

8– محمد طه حسين الحسيني، معايير تمييز السلطة التقديرية للإدارة ونطاقها، دراسة، مركز دراسات الكوفة، العدد 27، 2012.

9– وليد أمين طاهر، و د.حسن محمد علي البنان، العقوبات الانضباطية المقنعة، العقوبات الانضباطية المقنعة، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد21، العدد 67، 2018.

**سێیەم: یاساكان:**

1– یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەمواركراو.

2– یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960.